پژوهشنامه ادبیات کُردی
سال اول، شماره ۱، پاییز ۱۳۹۴
صص ۱۰۱ - ۱۳۰

# ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی «دواهەمین هەناری دونیا»ی بەختیار عەلیدا

تاریخ دریافت مقاله: ۱۳۹٤/۲/۱٦ تاریخ پذیرش نهایی: ۱۳۹٤/٦/۲۱

**هیوا وەیسی**[1]
مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیسیی زانستگای ڕازیی کرماشان

**محەممەدزاهید سەعیدیتەبار**[2]
دەرچووی زمان و ئەدەبیاتی فارسی

**عەتا ئەڵماسی**
دەرچووی زمان و ئەدەبیاتی بەراوردی

## کورتە

تێکەڵاویی ڕاستییەکانی ژیان لەگەڵ داب‌ونەریتەکان، بڕواکان و خەیاڵپەروەرییە لەڕادەبەدەرەکانی خەڵکانی ناوچەی کارائیب کە ئامێتەیەکە لە بیر و بڕوای کۆیلە ڕەشەکانی ئەفریقا لەگەڵ نەریتی سوورپێستەکانی بەر لە کۆلمپ، هۆکاری سەرهەڵدانی شێوازی نووسینی ریالیزمی جادوویی بوو. بەڵام سەرەڕای پاڵدانی ئەم ڕێبازە بە ئەمریکای لاتین و گابریەل گارسیا مارکێزی کولومبیاییەوە، ناتوانرێت ئەم شێوازە نووسینە بە تەنیا تایبەت بە ئەم ناوچەیە بزانین، چونکوو سووچگەلێک لە ڕەچەڵەکە سەرەتاییەکانی ئەم شێوازە نووسینە، دەبێت لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات، ئەدەبیاتی خۆماڵی و ناوچەیی ئێراندا بپشکنین. بەم پێیە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا، یەکێ لە پرۆفیشناڵترین ڕۆمانگەلی کوردییە کە بەختیار عەلی هەوڵی داوە لە چوارچێوەی ریالیزمی جادوویدا پێشکەشی بکات. لەم ڕووەوە ئەم نووسینە دەیهەوێ چۆنیەتی بەکارهێنانی تێکنیکەکانی شێوازی نووسینی ریالیزمی جادوویی لەم ڕۆمانەدا، بخاتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. توێژینەوە لە دۆزراوە سەرەتاییەکاندا پیشان دەدات کە ئەم ڕۆمانە نووسراوەیەکە کە زۆربەی هەرە زۆری تایبەتمەندیگەلی ریالیزمی جادوویی تێدایە و نووسەر بە هەموو شارەزاییەوە و بە دوور لە هەر چەشنە دادوەری و هەڵوێستگیرییەکەوە، ڕاستییە بایەخدار و قووڵەکانی کۆمەڵگای خۆیی لە دۆخێکی خەیاڵی و نائاشنادا دەربڕیوە، بە چەشنێک کە خوێنەر لە لێک‌جیاکردنەوەی دونیای ڕاستەقینە و دونیای خەیاڵیدا تووشی

1- hiwaweisi@gmail.com (نویسنده مسؤول)
2- zahed.saidi54@gmail.com

گومان و دوودڵی دەبێت و لەم نێوەندەدا، بەرجەوەند و دیمەنگەلێکی نوێمان بۆ دەکاتەوە کە لەوێدا ژیانێکی مرۆیی ئایدیال و هیوابەخش و بەدوور لە دەمارگیری و دوگماتیکگەلی ملهوڕانە و فاشیستیانە وێنا کراوە.

**وشەگەلی سەرەکی**: ریالیزمی جادوویی، رۆمان، بەختیار عەلی، دواهەمین هەناری دونیا.

## ۱- پێشەکی

چەمکی ڕیالیزمی جادوویی (واقیع‌خوازیی جادوویی) شێوازێکی نوێ لە چیرۆک‌نووسیی سەردەمیانەیە کە تێیدا واقیع و خەیاڵ تێکەڵاوی یەک دەبن. ئەم زارە یەکەم جار فڕانس روە هونەرناس و رەخنەگری ئاڵمانی لە ساڵی ۱۹۲۵دا بۆ راڤەکردنی نیگارکێشانێ دایهێنا کە هەوڵی دەدا راستییەکان بە شێوازێکی نوێ دەربڕێ (میرصادقي و میمنت میرصادقی، ۱۳۸۸: ۳۱۱). شیری لە کتێبی رێبازەکانی چیرۆک‌نووسی لە ئێراندا لە شیکردنەوەی ئەم شێوە نووسینەدا دەڵێت: رووداوی چالاکیگەلی گەورەیی و جوامێریانە لە مرۆڤەکان یان دیاردەگەلی بان‌سروشتی لە یەک بواری بەتەواوی ریالیستیدا، بە چەشنێک کە وێنەیەکی سەرووتر لە توانستی راستەقینەی بوونەوەرەکان، مرۆڤەکان، بارودۆخی زەمانی و جێگەیی بخاتە روو و لە پشتی ئەم هەڵسوکەوتە بە رەواڵەت ناواقیعیانە، شرۆڤەیەکی ژیربێژانە و واتادار لە بەرجەوەنی نیشانەگەلی بڕوایی، نەریتی یان دەروونی شاراوە بێت، دەبێتە هۆی بیچم گرتنی کۆڵەکە گەورەکەی تێڕوانینێکی هونەری کە بە ریالیزمی جادوویی ناوبانگی دەرکردووە (شیری، ۱۳۸۷: ۸۵). بە گشتی وەها بەدی دەکرێت کە ریالیزمی جادویی تێکەڵاوێکە لە دوو هێمانەی راستێتی و خەیاڵ؛ ئەم دوانە بە جۆریک یەکتریان لە ئامێز گرتووە کە لێک‌کردنەوەیان ئاسان نییە. لەم چەشنە چیرۆکانەدا، رووداو و پێشهاتی خەیاڵی بە جۆرێک لە ناوەرۆکی گێڕانەوەکەدا لەگەڵ راستییەکان خۆیان دەپۆڕێنن کە دەڵێی رووداوێکی چاوەڕوان‌نەکراو و سەیر رووی نەداوە و چیرۆکەکە لە رەوتی سروشتیی خۆیدا رێ دەپێوێ. رەخنەگرانی ئەدەبی بۆ ئەم شێوازە، پێوەرگەلێک لە بەر چاو ئەگرن، بۆ نموونە بە نامۆکاری -دەقی‌بوون -ئاوێتەکاری و پێوەندی -واتای سەرەکی گرینگ و قووڵ- جێگۆڕکێ و هاونشینی -هاوژینیی هاوسەنگی نێوان راستەقینە و جادوو-تەوساوی‌بوون و تارۆز و ئەوێتی-بێدەنگی و کپوکڕیی دڵخوازانەی نووسەر (کسیخان، ۱۳۹۰: ۱۰۸-۱۰۹) بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە ئەم

ڕێبازەی چیرۆکنووسین دەدەنە پاڵ ئەمریکای لاتین و گابریەل گارسیا مارکێزی کولومبیاییەوە، ناتوانین ئەم شێوازە لە نووسین بە تەنیا تایبەت بە ئەم ناوچەیە بزانین، چونکوو ولاتانی رۆژهەلات، بە تایبەت لە ئێران و هیند بە هۆی پێشینەیەکی فەرهەنگی و هەروەها فرەچەشنیی نەتەوەیی لە پێکهێنانی ئەم شارستانییەتانە کە سەرچاوە و ئاخێزگەی زۆرێک لە ئەفسانە و ئوستوورەگەلێکە کە دەزمایەی بنەمای نووسەر و شاعیرانە بۆ خولقاندنی بەرهەمە هونەرییەکان. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە رەگ و ریشە رەسەن و سەرەتاییەکانی شێوازی ریالیزمی جادوویی دەگەڕێتەوە بو رۆژهەلات و رابردووی زۆر کۆنی. دانپێدانانی بەناوبانگترین نووسەرانی ریالیزمی جادوویی بەم خالە، خۆی بەڵگەیەکی روون بۆ ئەم بانگەشەکردنەیە، چونکە بورخس لە پێشینەی خوێندنەوەکانی خۆیدا کە کاریگەری لە سەر چیرۆک و نووسراوەکانیدا هەبووە، لە فەلسەفەی چینی بە تایبەت تاتوئیزم، بیردۆزیەکانی بوودایی و تەسەوفی ئێرانی ناو دەهێنێت (گیبرت، ١٣٥٦: ١٤٦). هەروەها گارسیا مارکێزیش لە بەرهەمەکانیدا لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو ناوی هێناوە (مارکێز، ١٣٨٤: ١٣٥).

بەختیار عەلی یەکێ لە نووسەرە رۆژهەلاتییەکانە کە لە سالی ١٩٦٠دا لە سلێمانی لە دایک بووە و هەر لەوێدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە، پاشان لە زانستگاکانی هەولێر و سلێمانی لە بەشی زەویناسیدا خوێندنی تەواو کردووە، تاکوو لە خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانستگای سلێمانی لە سالی ١٩٨٣ دژی رژێمی بەعسی سەدام، بریندار بوو و سالی ١٩٨٩ کەوتە زیندان. بەم شێوەیە زانستگای جێ هێشت و هەموو کاتی خۆی بە خولقاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان دانا. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لە سالی ١٩٩٤دا، بەختیار عەلی کوردستانی بە نیشانەی ناڕەزاییدەربڕین بەم شەڕە و کوشتارەکانی جێ دەهێلێ و دەچێتە سووریە و دوای نۆ مانگ ژیان لە دەمشق خۆی دەگەیەنێتە ئالمانیا و تا سالی ١٩٩٩ لە فرانکفۆرت دەبێ. لە بەختیار عەلی بەرهەمگەلێکی زۆر بلاو بۆتەوە، بۆ نموونە: مەرگی تاقانەی دووەم، ئێوارەی پەروانە، شاری مۆسیقارە سپییەکان، غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ، کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، جمشیدخانی مامم و...

یەکێ لە دیارترین بەرهەمەکانی بەختیار عەلی کە لە چوارچێوەی ریالیزمی جادوویيدا نووسیویەتی، رۆمانی دواهەمین هەناری دونیایە. ئەم رۆمانە لێوانلێوە لە

شاعیریەتی، و هەروەها ڕەنگدانەوەی خەیاڵگەلی ناسک و ڕەنگاوڕەنگ و وێنەگەلی دانسقەیە کە خوێنەر بانگهێشت دەکات بۆ سەفەرێکی قووڵی دەروونی-خەیاڵی. ئەو لەم ڕێگایەدا ئێمە بەرەو دۆزینەوەگەلێکی نوێ دەئاوێژێ، دۆزینەوەگەلێک کە ململانێ و ڕەخنەی بیرۆکەگەلی نوێ لە هەمبەرماندا دەکاتەوە کە لەوێدا ژیانێکی مرۆیی ئایدیاڵ و هیوابەخش و بەدوور لە دەمارگیری و دوگماتیکگەلی ملهوڕانە و فاشیزمانە وێنا کراوە. ئەو لەم ڕۆمانەدا سەرەڕای ئەوەی کە بڕوا دوگمەکان دەخاتە بەر شەپۆلی ڕەخنە، خوێنەریش ڕێنموونی دەکات بەرەو ئاسۆیەکی نوێ و جوامێرانە لە چەمکە نەمر و بێکۆتاکانی مرۆڤایەتی. بۆیە ئەم توێژینەوەیە ئەیەوێت تێکنیکەکانی شێوازی ڕیالیزمی جادوویی لە ڕۆمانی بەختیار عەلیدا بخاتە بەر ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. هەر بۆیە پرسیارە بنەڕەتییەکانی ئەم گوتارە بریتین لە: گرینگترین پێوەرەکانی ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی لە دواهەمین هەناری دونیادا چییە؟ شێوازی بەکارگرتنی پێوەرەکانی ڕیالیزمی جادوویی لەم ڕۆمانەدا چونە؟

بەر لە خستنەڕووی بابەتەکە پێویستە بگوترێت کە نووسەران توێژینەوەیەکیان دەست نەکەوت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕیالیزمی جادوویی لە چیرۆکی کوردیدا کردبێت. بەڵام لە ئەدەبی فارسیدا چەند توێژینەوە لە سەر ڕیالیزمی جادوویی ئەنجام دراوە، وەکوو: «هەڵسەنگاندنی ڕیالیزمی جادوویی و شیکردنەوەی ڕۆمانی ئەهل غەرق» لە مریەم رامین‌نیا و ناسر نیکوبەخت (۱۳۸٤)، «جیاوازی نێوان ڕیالیزمی جادوویی و ڕیالیزمی سەرسامکەر و گۆشەنیگا لە نێوانیاندا لەگەڵ لێکۆڵینەوەی بەرهەمەکانی گابریەل گارسیا مارکێز و ئالخۆ کارپینتر» لە مریەم حەقڕووستا (۱۳۸۵)، «ڕیالیزمی جادوویی، ڕاستییەکی خەیاڵبزوێن» لە مەنسوورە شووشتەری (۱۳۹۱).

## ۲- تێڕوانینێک بە ناوەڕۆکی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا

حیکایەت لە دەسپێکدا، باسی ژیانی «موزەفەری سوبحدەم» و «سەریاسی سوبحدەم» دەکا کە گیرۆدەی ژیانی ئوستوورەیی خۆیانن. گێڕەوەی دواهەمین هەناری دونیا -کە خۆی یەکێکە لە کەسایەتی و کارەکتەرگەلی سەرەکیی چیرۆکەکە- شۆڕشگێڕێکی کوردە بە ناوی موزەفەری سوبحدەم کە بیست و یەک ساڵ (بە ڕادەی حکومەتی دیکتاتۆری عێراق، سەدام حوسێن) لە باشترین ساڵەکانی ژیانی خۆی لە زیندانێک

لە بیابانی رملّی عێراق، بە دوور لە شارستانیەت تێپەڕاندووە. موزەفەر کە خۆی قارەمانێکی سەرهەڵدانی نەتەوەی کوردە، پێ دەنێتە نێو دونیای ئەمڕۆ، شوێنێک کە دوای ساڵانێک حکوومەتی دیکتاتۆری، گەیشتووتە شەڕە ناوخۆییەکان و چڵەپۆپەی شەڕەکەش بگاردیاگە، لە سەر لێواری کەشتییەک کە لە سەر دەریادا سەرگەردانە (سەمبولێک لە سەرگەردانی و سەرلێشێواوی دوای ئازادبوونی گیرەوە) حیکایەتی ژیانی خۆی بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە. موزەفەر بەر لە دیل‌بوونی، منداڵەکەی کە کوڕیکی چەند مانگانە بە نێوی سەریاسی سوبحدەم، دەسپێرێتە دەستی هاوسەنگەرەکەی، یەعقووبی سنەوبەر تاکوو لە نەبوونیدا گەورەی بکات؛ هەر بۆیە دوای ئازادبوونی دەچێت بە دوای یەعقووبی سنەوبەردا. یەعقووبی سنەوبەر گیرۆدەی کێشە و ململانێی حیزبی بووگە و جێگە و پۆستێکی بەرزی لە نێو حیزبدا دەستەبەر کردووە، رابردوو و هیواکانی لە وجوودی موزەفەری سوبحدەمدا دەبینێ و دەیەوێ ئەو لە ناشیرینیەکانی جیهان و دەوروبەریدا بپارێزێت تاکوو باوەڕ بکات کە سووچێک لە خەونەکانی لە نەبوون قوتار بکات و بەمەی دڵ خۆش بکات کە هێشتا کەسێک لە خەونەکانیدا هەیە تووشی ناپاکییەکانی ژیان نەبووگە. بەڵام موزەفەر شوێندۆزی منداڵەکەی خۆی دەبێت و پاراستنی بە واتای ژیانی خۆی دەبینێ. هەر بۆیە بە پێچەوانەی ئامۆژگاری دۆستی خۆی، یەعقووبی سنەوبەر، گەڕانەکانی دەست‌پێدەکات، گەڕانگەلێک کە هەرچی درێژەدارتر دەبێت، تیاچوونی ژیان پتر ئاشکرا دەبێت و بۆی دەردەکەوێت کە موزەفەری سوبحدەم بۆ کەسێک بیست و یەک ساڵ زیندانی بەسەر بردووە کە خۆی رۆڵگێڕی سەرەکیی تیاچوونەکەیەتی: واتە، یەعقووبی سنەوبەر.

کراوەبوونی بیچم و فۆرمی رۆمان، لەگەڵ پەیجۆری و گەڕانەکانی موزەفەری سوبحدەمە، لووتکەی حیکایەت لەوێدایە کە کاتی گەڕانی موزەفەری سوبحدەم بەدوای سەریاس‌دا، لەگەڵ سێ سەریاس بەرەوڕوو دەبێت و رێگایەک نییە بۆ ئەوەی تا بزانێت کام سەریاس کوڕەکەیەتی. سێ سەریاس ژیانگەلی جیاوازیان هەبووە کە بەسەرهاتی هەرکامیان شیاوی خوێندنەوەیە. دنکە هەنارێکی بلووری، هەر سێ سەریاس پێکەوە گرێ دەدات، بەڵام ئەم هەنارە بلوورییە کە خاڵی هاوبەشی هەر سێ سەریاسە، رابردوویان پیشان نادات. سەرەڕای ئەمە هەر سێکیان تووشی دۆخێک هاتوون و بوونێکیان لە دەست داوە کە خۆیان دروستیان نەکردووە و لە پێکهێنانیدا گچکەترین بەشیان نەبووە. بە واتایەکی تر، فرەبوون و لێکەوتەیی

سەریاسەکان، هێمای فرەبوون و لێکەوتەیی ئازار و مەینەتە نۆیکانە و موزەفەری سو بحدەم لەگەڵ تێپەڕینی کات و بەکۆتایی گەیاندنی گەڕانەکانی بۆ دۆزینەوەی سەریاسی راستەقینە، بۆی دەردەکەوێت کە هەستی سەریاسەکان، دووبارەبوونەوەی وجوودی مەینەتباری خۆیە، سەریاس گەلێک کە هەموو کۆپیەکانی یەک کەس و یەک راستیی تاڵن.

گەڕانەکانی موزەفەر هاوپێوەند دەبێ لەگەڵ چیرۆکی «موحەمەدی دڵشووشەیی» کە خۆشەویستییەکەی لەگەڵ «خوشکە سپییەکان» تێکچووە و دڵە شکاوەکەی، مردنی کردووە بە مێوانی. موزەفەر دەچێت تاکوو دەگاتە خوشکە سپییەکان، دوو خوشک کە هەمیشە جلی سپی لەبەر دەکەن و سۆزیان داوە کە هیچ کاتێک نەبن بە بووک و بێ یەک گۆرانییەک نەڵێن و دەنگیان وەکوو سێحری خوداوەندەکانە. موزەفەر لە گەڕاندایە تا چیرۆکی کوڕەکەی خۆی، سەریاسی سو بحدەم، ببیسێت. کە لە تەمەنی یەک ساڵیدا، هاوکات لەگەڵ زیندانی کردنی ئەودا، هەتیوو کەوتووە. ئەو سرنج دەدات کە سەریاسی یەکەم، ئەم بەستەزمانێکی بێدەرەتانە، لە بێ کەسی و هەژاریدا تەنیا بە ئاریکاری تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکەی خۆی، خۆشەویستییەکی لە نێوان چەرچی و حەماڵەکانی بازاڕدا بە دەست هێناوە. لەم بەشەدا نووسەر بە جوانی توانیویەتی وێنەیەکی زیندوو و بەهەست بۆ ژیان و مافی بوون دەربڕێت و بە خوێنەر پیشان بدات گەر چی لە دۆخێکی گراندا دەژی، بەڵام بڕوایان بە بەها و گرینگیی ژیانە و بۆ بەدەستهێنانی تێدەکۆشن. رێکخراوەی کرێکاریی کۆڵبەرەکانی بازاڕ بە ئاریکاری و هەوڵ و تەقالای سێ کەس و لە سەرەوەی هەموویانەوە سەریاسی یەکەم چێ بووە. بەڵام دونیای چواردەور و دۆخی هەنووکەیی و پاسەوانەکانیان، ئەم بزاف و هاوڕاییە قەبووڵ ناکات و وەکوو هەمیشە خەنجەر لە سەر رەگی ژیانی ئەو کەسە ئەنێت کە وا رەگی ژیانیانی تەنگ کردگە و سەریاسی یەکەم دەکوژن. تیاچوونی گەنجییەتی لەگەڵ خەون و خەیاڵێکی زۆر و دڵێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی. ساتێک موزەفەر بە هەنیسکلێدان دەچێتە سەر گۆڕەکەی، بۆی دەردەکەوێت کە سەریاسی سو بحدەمێکی تر بوونی هەیە، هەر بۆیە شوێندۆزی دەکەوێت.

چیرۆکی «سەریاسی سوو بحدەم»ی دووەم درێژەی پێ دەدرێت و هاوکات لەگەڵ ئاشنابوونی بە سەریاسی یەکەم، «محەمەدی دڵشووشەیی» و «نەدیم شاهزادە»

بەرەوپێشەوە دەچێت. لە ساڵەکانی ڕەشەکوژیی کوردەکاندا و ئاوارەبوونی ئەم نەتەوەیە و بە دەنگی هەمیشە ئاشتیخوازی کامکارەکان درێژەی پێ دەدرێ تا ئەو کاتەی کە موزەفەر پێ دەزانێت سەریاسی دووەم لە زیندانی ئاسایش، لە تاریکستانێکی پەتیدا ئەسیرە و بە نەوارێکی کاسێت دەتوانن دەنگی یەکدی بژنەفن، نەوارگەلێک کە بە هێنان و بردنیان، ئینسانەکان لە گیانی خۆیان دەگوزەرێن. سەریاسی دووهەم ئەمیریکی شەڕە لە سەرەتادا لە گرووپە چەکدارییە جیاوازەکاندا شەڕ دەکات تا بەشکوو قووتێک بەدەست بێنێت و لە برسا نەمرێ، بەڵام هێدیهێدی خەسڵەتەکانی شەڕ دەبێتە تایبەتمەندییەکانی و دۆخی کۆمەڵایەتی بەرەو شوێنێک دەبیات کە کوشتن دەبێتە فەلسەفەی ژیانی. سەریاسی دووەم بە پێچەوانەی سەریاسی یەکەم، لە دەروونەوە گەندەڵ و رزیو دەبێت، ئەوی دی دەکوژێت تا چریکەی ژیان لە ناخیەوە نەبیسێت و ژیان لە هەناویەوە چرۆ نەکات. بەڵام ئەم وێنای گەندەڵی دەروونە لە ئاکامدا لە چوارچێوەی زیندانێکدا کە لە لایەن ئەو کەسانەی کە شەڕیان فێر کرد، یەخسیر دەکرێت. موزەفەر لە هاوڕێی شازادە ئەبیسێت کە سەریاسێکی سێیەم بوونی هەیە، هەر بۆیە شوێندۆزی هاوڕێی شاهزادە، کوێری عەلاجەوی و نابالو دەکەوێت کە هەموو نهێنییەکان دەزانێت. بەڵام هاوڕێی ڕۆیشتووە بۆ گەشتی دەووری دونیا. موزەفەر بێ ئۆقرە دەچێتە لای سەییدجەلال شەمس، ئەو پیرەمەردەی کە لە سەر سنوور لە کێوێکی خەوناویدا لە ناو باخە ترێکەی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی و قاپەکانی شەراو، دوور لە هەموو شتێکی دونیا دەژی. شەمس چیرۆکی رابردوو دەگێڕێتەوە کە سەریاسەکان سێ کوڕ بوون و چیرۆکی سێیەمین کوڕ دێنێتە گۆڕێ، کە بۆمبێکی کیمیاوی ڕوومەت و جەستەیان سووتاندووە. سەریاسی سێیەم دەدۆزێتەوە بەم جیاوازیە کە سەریاسی سێیەم، تامەزرۆی زۆری بۆ ژیان هەیە، ئەوەی کە لە جەستەی ماوەتەوە، هەوڵ دەدات لەگەڵیدا بژیت. یەک مرۆڤ، یەک منداڵی بەچزیلک بوو کە لە ئاگری بۆمبارانی کیمیاوی، زۆرتر لە مردوویەکی بزیو دەچێت، منداڵێکی تری قوربانیی جەنگ، بوونێکی رووخاوی تر. وەسفی نووسەر لەم بەشەی ڕۆمانەکەیدا وێنای منداڵێکی بەچزیلک بوو بە شێوەیەک هەژێنەر لە هەمبەر خوێنەردا دادەنرێت و بەم کارە نووسەر ئەیهەوێ ویژدانی مرۆڤەکان ڕاتەکێنێت و لە خەوی بێخەبەری و نائاگایی هەڵیان بستێنێت.

هەروا کە گوترا رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا جگە لە کارەکتەری سەرەکی، موزەفەر سوبحدەم، و سێ سەریاس، چەند کارەکتەری ناسەرەکیی دڵڕفێنی تری هەیە. جوانترینیان محەمەد دڵ شووشەیە کە لایەنی خەوناویبوونی کەسایەتیەکەی و ژیانی، گەورەتر و زۆرترە. ئەوی گەرەکیەتی دونیا و مرۆڤەکان روون و بلوورین بێت، بەڵام لە دونیای پڕ لە چەڵەمەی رۆمان، بوونی ماڵێکی شووشەیی و کەسایەتییەکی بلوورین بە هیچ کوێ ناگات و محەمەدی دڵشووشە لە خۆشەویستی خۆی نامراد دەبێت و دڵی لە نێو ماڵە شووشەییەکەیدا دەشکێت و دەمرێت. محەمەدی دڵشووشە، یەعقوبی سنەوبەر، هاوڕێی و ... دەستیان داوەتە دەستی یەک تا خوێنەر گێڕانەوەیەکی دەگمەنی بەرەوڕوو بێتەوە، گێڕانەوەیەک لە شەڕ، شەڕێک کە ژیانی مرۆڤەکانی نێو رۆمانی گەمارۆ داوە. جەنگێک کە تەنیا بوونی مرۆڤەکانی تێکداوە و پێوەندییە ئاساییەکانی مرۆڤی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. دەڵێی تەنیا لە ئاشتی و ئارامیدا پێوەندی نێوان بنەماڵە واتا دەگرێت. بەڵام لە شەڕ، گیراوەکان، کوژراوەکان، سەربازەکان و هەموویان بەشێک لە یەک پەیکەری هاوبەش و زامدارن. هەر کامەیان بە شێوازیک لە رەنج و مەینەتباریدان و لە ژێر سیبەری مەرگدان.

لە کەسایەتییە ناسەرەکییەکانی تری رۆمانەکە، خۆشکە سپییەکان یان «لاولی» و «شادرین»، کچگەلێکی گۆشەنشین و دەنگخۆش کە بڕیاریان داوە بۆ بە دوور بوون لە ناپاکییەکانی دونیایەک کە کوشتاری مرۆڤەکان بووگە بە هەواڵێکی ئاسایی، دونیایەک کە ماڤی ئینسانەکان لە ژێر مەکینە و سیستەمی قورسی کەمینەیەکی بەرژەوەندخوازدا داپڵۆسیاوە، دونیایەک کە رۆژانە هەزاران کەس بە هۆی نەبوونی نان و ئاوی خواردنەوەوە تیا دەچن، لەگەڵ هیچ پیاوێکدا پێوەندییان نەبێت و بە پۆشینی جلی سپی کە سەمبولێک لە هەوڵدان بۆ دووربوون لە ناپاکییەکانی دونیای رۆمانە، تێدەکۆشن کچێنی و پاکیزەبوونی خۆیان بپارێزن، بەڵام لەگەڵ مردنی محەمەدی دڵ-شووشەیی و سەریاسی یەکەم، لە ئاکامدا جلی رەش دەپۆشن و ئەو خەونەی کە هەمیشە گۆرانی بڵێن، دەگۆڕدرێ بە بێدەنگی و ماتبوونیان، بێ ئەوەی بژین تەمەن تێبەرئەکەن، واتە، ژینی وێرانبوو و بەخەسارچوو. تەنیا ژنانی نێو چیرۆکەکە ئەم دوو خوشکەن کە خۆشەویستی سەید جەلالی سنەوبەر و یەعقووبی سنەوبەرن و لەشفرۆشی دەکەن. لەم رۆمانەدا لە ژنان و جیهانی ژنان شتێکی ئەوتۆ

ناکەوێتە بەردەستی خوێنەر. دەڵێی ژنان لە گێڕانەوەی بەختیار عەلیدا دوو بەشن: ژنانی ئاسمانی (خوشکە سپییەکان) و ژنانی بەستۆک (ئەویندارەکان). ئەویندارەکان لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی ڕازاندنەوە و جوانکارییان هەیە؛ بەڵام ژیانی خوشکە سپییەکان بە تێروتەسەلی باس دەکرێت.

«ئیکرامی کێو» یەکێکی تر لە کەسایەتییە ناسەرەکییەکانی ڕۆمانە، بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە بەرەڵاکراو دەبیندرێت و ڕۆڵی لە ڕۆمانەکەدا زۆر بەرچاو نییە و وادیارە لە دەگمەن خاڵە لاوازەکانی چیرۆکەکەیە.

«ئەستێرەی ڕەش» کوڕێکی منداڵ بە جلێکی نیمچەڕووت و سەرتاپێ سووتاو و تۆقێنەر کە نە بڕۆی بوو نە موژە، دەڵێی تارماییەکە کە لە خەوێکی درێژ ڕاچەنیبێت. سەمبولی منداڵە بەخەسارچووەکانی جەنگ و چەکە کۆکوژییەکانە.

ژیانی کارەکتەرەکانی دواهەمین هەناری دونیا ڕەنگدانەوەی شکستە کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکانە کە هەوڵیان بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان شکست دەهێنێت. تەقالای موزەفەری سوبحدەم بۆ دۆزینەوەی سەریاس، تەقالای یەعقووبی سنەوبەر بۆ پاراستنی موزەفەری سوبحدەم لە هەمبەر دیتنی ناپاکییەکانی جیهان، تەقالای سەریاسی یەکەم بۆ پاراستنی پێوەندی و ڕێکخستنی نێوان باربەرەکان، تەقالای سەریاسی دووەم بۆ ئەوەی نەبێتە مۆرەی جەنگ، تەقالای محەمەدی دڵشووشە بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەی، تەقالای خۆشکە سپییەکان بۆ ئالوودەنەبوون بە ناپاکییەکانی دنیا و... . بەڵام بەختیار عەلی بۆ ئەم کەسانە ڕێگای دەرچوون و هیوای هێشتووەتەوە، لەم ڕۆمانەدا دارە هەنارێک بوونی هەیە. دواهەمین هەناری دونیا، دارێک کە باوکی نەدیم شازادە لە سەر کێوێک کە سنووری دونیا و بەهەشتە، چاندوویەتی تا میوەکانی کوڕە کوێرەکەی خۆش بکاتەوە، بەڵام بەکرێگیراوانی ڕژێمی دیکتاتۆری دەیکوژن تا لە ئەنگۆی کوڕەکەی پارە وەربگرن. هەنارەکان کوڕەکە خۆش ناکەنەوە بەڵام ئارامی دەگەڕێنێتەوە بۆ ژیانی و بۆ شتێک بینای دەکەنەوە کە چاوساغەکانیش نایبینن. ئەگەر لە ژێریدا بخەوی، دەتوانی بگەیتە خەونەکانت. ئەمە دواهەمین هەناری دونیایە و بە واتایەکی تر دواهەمین پەنا و داڵدەی دونیایە کە نووسەر بۆ هیوابەخشین بە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەی خوڵقاندوویەتی تا جیهانی ڕۆمان بەگشتی ڕەش و بەتاڵ لە ئۆمێد نەبێت. دواهەمین هەنار لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلیدا، گەڕانەوە بە دەنگی

دەروونی خۆی بۆ رزگار بوون لە پیسییەکانی جیهانە، راچڵەکان و دەنگی هەموو مرۆڤێکە کە سەرەڕای هەموو شکست و ناکامییەکان دیسان رادەبن، چونکوو بڕوایان وایە مرۆڤەکان دەبێ لە جیهانێکی جوان و لە پێوەندییەکی ئینسانیدا بژین. خاڵێکی گرینگی تر لە بارەی ئەم رۆمانەوە ئەوەیە کە سەمبولەکان لێرەدا دەورێکی کارا و زەقیان هەیە بە جۆرێک کە ئەم هێمایانە وەکوو ئاو لە کتێبدا خوڕ و بێگیرە. برینی تاکەکەسێک وەکوو برینی نەتەوەیەکە. سەریاسی داستانەکە، هێمای رەنجێکە کە سەپێندراوەتە سەر ئەم نەتەوەیە و بە چزیلکە بوون و لێکچوونی وەکوو مردوویەکی گەڕۆک شەڕ دەباتە ژێر پرسیارەوە. بە واتایەکی تر، سەریاسەکان کۆپی کراوەی بەردەوامی دەردن، تۆمە سەرگەردانەکانی پاشماوەی شەڕن کە لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر گەرا دائەخەن. دیلی، گەڕان و ئاوارەییەکانی موزەفەری سوبحدەم بە دوای سەریاسەکانەوە دەبێتە سەمبولێک بۆ مێژووی نەتەوەیەک و تێپەڕینی کەسایەتییەکان لە نێوان رووداوەکاندا، سەمبول و نیشانەی تێپەڕین لە رووداوە مێژووییەکاندا ئەنۆێنێ و لە پەڕاوێزی ئەم هەموو کارەسات و رەنجەدا، مۆسیقای کامکارەکان سەمبولێک لە ئاشتی، دۆستی و هێمنی خۆی دەردەخات کە نووسەر بە جوانترین شێوە لە ناوەرۆکی رۆمانەکەدا، هاوکات لەگەڵ ئەوپەڕی کوشت و کوشتارەکانی شەڕەی ناوخۆییدا جێگیری کردووە.

## ۴- فاکتەکانی ریالیزمی جادوویی لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا

ئەو فۆرمەی کە بەختیار عەلی بۆ رۆمانەکەی هەڵبژاردووە، لە شێوەی ریالیزمی جادووییە و تایبەتمەندی ئەم شێوازە لە بەشگەلێکی رۆمانەکەدا بە راشکاوی دیارە، بە جۆرێک کە خوێنەر بە جوانی بەشێک لە هاوشێوەبوونی رۆمانەکە لەگەڵ سەد ساڵ تەنیایی مارکێز، بەرهەمهێنەری ئەم شێوازە ئەدەبیە، بە جوانی دەبیندرێت، بەم جیاوازییەوە کە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا لە چەشنی رۆژهەڵاتییە. بوونی کۆشکێکی داڕووخاو لە ناو جەرگەی دارستانێک کە لە دەرەوەیدا نەخۆشییەکی کوشندەی تاعوون هەیە، مرۆڤ دەخاتە بیری گوندی «ماکاندۆی» مارکێز، کە لە دەرەوەی ئەم کەپریشە نەخۆشینێکی تەفروتووناکەری تاعوون (شەڕە ناوخۆییەکان) لە نێوان خەڵکدا بڵاو بووەتەوە. بەختیار عەلی وەکوو مارکێز لە شەڕێکی ناوخۆییدا، لە جەنگاوەرێکی ساختەیی (سەرهەنگی ساختەیی مارکێز) و لە ژیانێکی ناخۆش

و دامرکاو و لە شتە باوەکان و نەریتە سەیر و نامۆکانی خەڵک باس دەکات، هەر دووکیان بە وڵاتێک ئاماژە دەکەن کە بە شێوەیەک دەتوانن نوێنەری هەموو وڵاتان و کۆمەڵگا دواکەوتوو و هەژارەکان بن:

لە ئەو کۆشکە داڕووخاوەدا، لە قووڵایی دارستانێکی نادیاردا، ئەو پێی گووتم لە دەرەوە دەردێکی کوشندە وەک تاعوون بڵاو بۆتەوە کە درۆی دەکرد هەموو باڵندەکان دەفڕین. لە منداڵییەوە ئاوەها بوو. هەر کات درۆی بکردایە، بەڵایەکی سروشتی روی دەدا، یان باران دەباری یان درەختەکان دەکەوتن!... من لە کۆشکێکی گەورە و داڕووخاودا دیل بووم. کتێبی زۆری بۆ هێنام و گووتی بیانخوێنەوە، من پێم گووت: دەمەوێ بڕۆم؛ گووتی لە دەرەوە تاعوون هاتووە، سەرتاپای دونیا نەخۆشە، موزەفەری سوبحدەم، لەم کۆشکە جوانەدا بمێنەوە و بژی. من ئەم کۆشکەم بۆ قوتار بوون لە دەرەوە سازیوە. لێرە ئارام بەو ئۆقرە بگرە... من ئەم کۆشکەم بۆ خۆم و فریشتەکانم دروست کردووە، بۆ خۆم و شەیتانەکانم... (عەلی، ١٣٩١: ٩).

ئەوەی کە لە ماکاندۆی سەد ساڵ تەنیایی و دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلیدا روو دەدا، راستی رووداوەکانی مێژووی وڵاتی کولومبیا لە ساڵی ١٩٢٨م. لە «سانتاماریا» و کوردستانی عێراقە. هەم مارکێز و هەم بەختیار عەلی لەم دوو رۆمانەدا بڕوایان وایە کە توندوتیژی سیاسی لە کولومبیا و لە عێراق و یان لە هەر شوێنێکی تر لەم دونیایەدا وەکوو تاعوونێکی مێتافیزیکییە. لەم رووەوە هەر دوو نووسەر بە شێوەیەک ماکاندۆ و باشووری کوردستانیان داڕشتووە کە ئەم وڵاتانە لەگەڵ رووداوە تایبەتییەکانی بتوانێت خۆی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دونیادا بپۆڕێنێت. نووسەران لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا هەوڵیان داوە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا لە روانگەی پراکتیک و بەکارهێنانەوە یان ناکارابوونی تایبەتمەندییەکانی ریالیزمی جادوویی -کە لە پێشدا باسی لێوە کرا- تاوتوێ بکەن.

## ٣-١- نامۆکاری

خوێنەری چیرۆک لەگەڵ رووداوگەلی سەیر و ناباودا بەرەو روو دەبێ و لەوێدا کە رووداوەکان تازەیی هەیە، بایەخی پێ دەدات و هەوڵی ئەوەیە کە تێیبگات. لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا لەگەڵ کەسایەتیگەلێک ئاشنا دەبین کە ئێجگار

ناسروشتین و تا ئاستێکی زۆر لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکاندا دژایەتییان هەیە. بەختیار عەلی، زۆرجار لەم شێوەیە یارمەتی وەرگرتووە تاکوو بە ئەنقەست، سەرسوڕمان و حەپەساوبوونی خوێنەر راچڵەکێنێت. بوونی کەسایەتییەک بە نێوی محەمەدی دڵشووشە کە دڵی لە شووشەیە و لە خانوویەکی شووشەییدا دەژی و هەروەها مەرگی وەکوو یەکێکە لە نموونەکانی نامۆکاری کە بێگومان روودانی لە ژیانی ئاسایی دا نامومکینە: «لە هەموو شتێک گرنگتر من دڵم لە شووشەیە، لە شووشەیەکی زۆر ناسک، بچووکترین دڵشکان دەمکوژێت ... من کەسێکم لە شووشە، کە شکام ورد دەبم، کە وردیش بووم پارچە بە جێ دەهێڵم، دەبم بە مردوویەکی بەد، من کە مردم بە جۆرێک پەراش دەبم کەس ناتوانێت تێبگات کە پارچە ورد و تەنک و خۆڵئاساکانی منە ژیانی تێکداوە ... لە بەر ئەوە دڵم مەشکێنن» (هەمان: ۲۷)؛ «یەکەم جارە خەڵک پیاوێک ببینن خوێن وەک کانی لە سینەی هەڵبقوڵێت و هەر بڕوات و بخوێنێتەوە، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا، شووشەکانی خانووەکەی پارچەپارچە دەکەونە خوارەوە، شتە شووشەکانی دەشکێن و بەر دەبنەوە» (هەمان: ٤٨).

بەختیار عەلی بە کەڵک وەرگرتن لەم کارەکتەرە و بەسەرهاتێک و چارەنووسێک کە لەم رۆمانەدا بۆی داناوە، دەیسەلمێنێت کە خەونی روونبوون لەم دونیایەی کە هەموو خەڵک، خودی راستەقینەیان حەشار داوە، بە شوێنێک ناگات.

یەکێکی تر لە نموونەکانی نامۆکاری لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا کە خوێنەر سەرسام دەکات ئاماژەی بەختیار عەلی بە ئەستێرەی رەش، سەریاسی سیهەم و نەخۆشخانەیەکە کە ئەوان و منداڵانی وەکوو ئەوان لەوێدان؛ دەڵێی بەم کارە ئەیەوێت ویژدانی دەسەڵاتە خەوتووەکانی گیرۆدەی جەنگ هەڵبسێنێتەوە، بەم پێیە لە وەسفی ئەستێرەی رەش، ئاماژە دەکات:

کوڕێکی بچکۆلانەی باریک کە نیوەڕووت لە دەرپێ و فانیلەکەیدا دەسوڕایەوە، سەرتاپای گیانی بە شێوەیەکی ترسناک سووتابوو، دوو چاوی پێوە بوو شین، لە سەر تەختی دەموچاوێکی داقرچاو، کوڕێک بێبرۆ و بێبرژانگ، وەک تارماییەک لە خەونێکی تاریک رایکردبێت. گووتی ئەم ژوورانە شوێنی منداڵانی پشکۆن، سەدەها گەنجی سووتاو بوون کە لەشیان وەک مۆم توابووەوە، وەک لاستیکێکی شل بەسەر نوێنەکاندا رژا بوو، وەک لاستیکێک دواتر سارد بووبێتەوە

و هیچ قالبێک کۆی نەکردبێتەوە (هەمان: ٢٥٨).

بەو شێوەیە کە بینرا لەم پێداهەڵگوتنانەدا، بابەتگەلێک باس کراوە کە بڕواکردنیان خوێنەر دەخاتە گومان و دوودڵییەوە، چونکە ئاوەها ڕووداوگەلێک لە ژیانی ئاساییدا زۆر زۆر بە دەگمەن روو دەدات.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە لەم رۆمانەدا، بەسەرهاتی موزەفەری سوبحدەم لە رابردوویەکی دوورەوە دەست پێدەکات و بە دەستپێکردن بە شتانی تر بۆ زەمانی ئێستا ئەگەڕێتەوە؛ بەختیار عەلی ئەم کارەی بە ئەنقەست و بە مەبەستی پێکهێنانی دۆخێکی نائاشنا و گوماناوی ئەنجام دەدات کە لە شێوازی گێڕانەوەی کلاسیک زۆر نزیک نییە. بە درێژایی رۆمانەکە هەموو کاتێک گۆڕان لە زەمانی چیرۆکەکەدا و وەرچەرخانی لە داهاتووەوە بۆ رابردوو و رابردوو بۆ ئێستا، بۆ بەردەنگ هەست پێکراوە و هەروەها بۆ خوێنەرێک کە راهاتووە بە خەتیبوونی زەمان، شیوەیەک لە نامۆکاری پێک دێنێت.

### ٣-٢- تێکەڵاوی و پێوەندی

تێکەڵاوی توخمی خەیاڵی و کۆمەڵایەتی، تێهەڵکێشانی دوو یا چەند شێوە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، ئاوێتە بوون و تێکەڵی ناسنامەی دوو یان چەند کەسایەتی چیرۆک و رەخنەگرتن لێیان لە پێنوێنەکانی ریالیزمی جادوویە (کسیخان، ١٣٩٠: ١٠٨) کە بەختیار عەلی بە کۆپی کردنی سەریاسەکانی سوبحدەم بە سێ کەس، بە باشی ئەم ئەکەی تێپەڕاندووە. هەر کام لە سەریاسەکان لە یەک کاتدا هەم دەتوانێت منداڵێکی بەستەزمانی هەژاری وێڵ کراو بێت کە لە بێ کەسی و هەژاریدا، تەنیا بە یارمەتی تایبەتمەندیی کەسایەتییەکەی خۆشەویستییەکی بێوێنەی لە نێوان دەستفرۆشەکان و باربەرەکانی بازاڕا بەدەست هێناوە و هەم دەتوانێت ئامێریکی جەنگی بێت و دۆخی کۆمەڵایەتی وای لێبکات کە کوشتن ببێتە فەلسەفەی ژیانی و هەم دەتوانێت یەک ئینسان، یان یەک منداڵی ناو ئاگری بومبارانی کیمیایی بێت و وەکوو مردوویەکی گەڕۆکی لێ بێت. بەختیار عەلی بە زەق کردنەوەی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی سەریاسەکان دەیەوێ خوێنەر حەیران بکات و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی راکێشێت.

**سەریاسی یەکەم:**

بۆ یەکەم جار کە زانیان سەریاس فرۆشیارێکی ئاسایيە، هاوڕێکانی پێیان دەگووت مارشالی عەرەبانەکان. سەریاسی سوبحدەم، زیتەڵترین و زۆرزانترین و خۆشڕووترین دەسگێڕی ناو سوپای عەرەبانەکان بوو... لە هەمان کاتیشدا بەدەر نەبوو لە هەندێ شەڕانگێزی و هەموو شتێکی دەکرد: شاگردی چێشتخانە، شاگردی فیتەر، کرێکاریی بینا، ئاوفرۆشی، بارکردنی تایە بۆ سەر ترێلە قاچاغەکان، شتنی ئوتومبیل لە سەر ڕێگا، گوو پاکردنەوە لە نەخۆشخانە، عەلاگەی سەوزەفرۆشەکان و ... (عەلی، ۱۳۹۱: ۸٤).

**سەریاسی دووهەم:**

«پێیان دەگووتم زرێپۆش. ڕۆژانی ئاشتی ناخۆشترین ڕۆژانی ژیانی من بوون؛ کە شەڕ دەوەستا، تووشی نائومێدییەکی گەورە دەبووم. لە ئاشتیدا هیچم نەبوو بیکەم، جگە لەوەی تفەنگەکەم پاک بکەمەوە و بخەوم، ڕۆژێک بڕیارمدا تا شەڕ بەتەواوی کۆتایدێت پۆستاڵەکەم، کۆڵەپشتەکەم، پشتێنەکەم نەکەمەوە» (هەمان: ۲۲۱).

**سەریاسی سێهەم:**

بە هێمنی لێی نزیک بوومەوە، خەریکی یاری‌کردن بوو بە تەزبێحێکی درێژ، ژوورەکەی هەشت کەسی دیکەی تیا بوو، ئەو بەتەنیا لە سەر دوا قەرەوێڵە بێ ئەوەی تەماشای هیچ بکات، یاری بە دەنکە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەو تەزبێحە گەورەیە دەکرد. تا لە نزیکەوە نەمبینی، تێنەگەیشتم بۆ سەید جەلالی شەمس نەیدەویست ببینم. خودایە چ شتێکی ترسناک بوو، پارچەیەک گۆشتی تواوە بوو، هەستت دەکرد چاوی بەسەر ڕوومەتیدا تواوەتەوە، ڕوومەتی بە چرنووکێکی گەورە پچڕاوە و ئێسکەکانی دەرکەوتوون، لچی بەسەر چەناگەیدا شۆڕبووبووەوە، شتی گوێکانی لوول کردبوون. هیچ قژ و موویەک لە سەری و دەموچاوی نەمابوو، لە لای ڕاستییەوە پێستی ناوچاوانی وەک لار بوونەوەی گەڵایەکی وشک بەسەر چاویدا هاتبووە خوارێ، بۆ ئەوەی باش ببینێت دەبایە ئەو پارچە پێستە درێژە بەدەست بەرز بکاتەوە و رایبگرێت، چاوی ڕاستی بە پێچەوانەی چاوی چەپییەوە بە جۆرێکی سەیر بچووک بوو، کەپووی لە پارچە گۆشتێکی سووتاو دەچوو،

کاتێک هەناسەی دەدا گوێت لە خیزەی سینەی بوو (هەمان: ٢٦١).

بەم شێوەیە، بەختیار عەلی کارەکتەری سەریاس لە تێکەڵاوییەکی ناهاوچەشن و ناتەبا پێک هێناوە، بڕێک جار وەکوو منداڵێکی ڕەجاڵ و هەژار و بڕێک جاریش لە ئاستی مرۆڤکوژێکی لێزان پیشانی دەدات و هێندێ جاریش وەکوو منداڵێکی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی ناوزەدی دەکات.

خاڵێکی تر، شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە، بەو شێوەیە کە باسی لێوە کرا، دواهەمین هەناری دونیا بە شێوازی خەتی و هاوئاهەنگ بەرەو پێش ناچێت و بەرودوای زەمانی ڕەچاو ناکرێت؛ بەڵکوو رابردوو، ئێستا و داهاتووی لە یەک تەنیوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر فامکردنی کات و ساتی بۆی ئەستەم بێت. لەم ڕۆمانەدا، بەسەرهاتی موزەفەری سوبحدەم لە رابردوویەکی دوورەوە دەست پێدەکات و دوای تێکەڵاو بوونی لەگەڵ پێشهاتەکان و کەسایەتی خەیاڵی محەمەدی دڵشووشە و باسکردنی کۆمەڵێک بابەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، دەگاتە سەردەمی ئێستا. ئەو جیهانەی کە بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا وێنای دەکات، ئاوێتەبوونێکە لە جیهانی خەیاڵ و راستی. کەسایەتیگەلێک وەکوو محەمەدی دڵشووشە بە بەراورد لەگەڵ کەسایەتییەکانی تردا زۆرتر بەرچاو دەکەوێت تاکوو سەرنجی خوێنەر بە رۆڵی سەمبولیکی راکێشرێ (روون بوونی مرۆڤەکان و ژیانی ئاسایی و دیاردە لۆژیکی و باوەکان لەگەڵ بەسەرهاتەکانی دڵشووشەیی،ماڵی شووشەیی و شێوازی عاشق بوونی و مەرگی کە بەشێک لە سەرسامبوون و رووداوە بێپاساوەکانە و جیهانێک دەسازێنێت کە تێکەڵاوێکە لە راستی و خەون).

### ٣-٣- گۆڕین و هاونشینی

ئەم شێوەیە ویست و خواست دەداتە مرۆڤەکان کە بێسنوور بیر بکەنەوە، هێزێکی خەیاڵی دەگمەنی هەبێ و بەردەوام روانینێکی نوێ بۆ خۆی و دونیای چواردەوریدا هەبێت (کسیخان، ١٠٩:١٣٩٠). لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا، بەختیار عەلی بە گۆڕین و کۆپیکردنی سەریاسی سوبحدەم بە سێ کەس و گۆڕینی جۆری بیر و تێڕوانینیان بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تێدەکۆشێت کێشە و گرفتەکانی سەر وڵاتەکەی (تا ئاستێکیش جیهانی سێهەم) کە سەرگەردانی و پەرێشانی مرۆڤەکانە، تاوتوێ بکات و ڕەخنەیان لێ بگرێت و شرۆڤەیان بکات،

سەریاس هێندێک جار لە چوارچێوەی مرۆڤکوژێکی پرۆڤیشناڵ خۆی دەنوێنێ کە بووەتە داردەستی پارتە سیاسییەکان و بەردەوام لە تاقمگەلێکی سەربازیدا بۆ هەموو حیزبەکان دەجەنگێت و مرۆڤ دەکوژێت و بڕێک جاریش وەکوو منداڵێکی هەژار و وێڵ کراوی لێدێت کە بە دەسفرۆشی ژیان بەسەر دەبات و هەندێ جاریش لە دەستەی مندالانی بەرکەوتوو بەدیار دەکەوێت. دیارە کە تێڕوانینی سەریاسەکان بە رووداوەکان و پێشهاتەکانی چوار دەوری خۆیاندا جیاوازە و بەم پێیە چەشنی بیر و تێگەیشتنیان لەگەڵ یەکتر زۆر جیاوازە و نووسەر بە هەڵبژاردنی ئەم شێوازە، خوێنەر دەخاتە تێفکرینەوە. لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا ئەم هەموو سەریاسانە رەمزی کوردستانە و کۆمەڵگای لە حاڵی رووخاندا پیشان دەدات و بە دەرخستنی کوشت و کوشتار (براکوژی)، هەژاری و نەداری (هەم هەژاریی ئابووری و هەم هەژاریی فەرهەنگی)، نەخۆشی و کەمئەندامی سەرچاوەگرتوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە فۆرمی منداڵێک بە نێوی سەریاسی سوبحدەم، نموونەگەلێک لە کومەڵگای ناتەواو و دواکەوتووی جیهانی سێهەم کە گیرۆدەی شەڕە، وێنا دەکات و بە دروست-کردنی بەرجەوەندێکی لێڵ و دڵتەزێن لە دۆخی ژیانی سەریاسی سوبحدەم و ئاوەها منداڵگەلێک، وا دەکات خوێنەر بە وریاییەوە بە دوای حەقیقەتدا بڕوات. نموونەیەک لە دۆخگەلی جیاواز کە بەختیار عەلی وینای دەکات و لە کن یەکدیدا تەنراون:

## دۆخی کوشت و کوشتار سەرچاوەگرتوو لە شەڕی ناوخۆ:

شێتانە دەکەوتینە سەر دیلەکان ... لە ژیانمدا وەحشییەتی وەک ئەو شەوە نەژیاوم، دەکەوتینە دوایان و بە قەمە و گوللە داماندەپاچین، دەکەوتینە سەر ئەو برا بچووک و بێگوناهانەی قسەیەکمان لەگەڵدا نەگۆڕیبوونەوە، ئەوانەی بە زمانی خۆمان هاواریان دەکرد: مەمانکوژن! ئیمە قەمەکانمان دەکرد بەسەر دڵیاندا. سەرمان دەبڕین و بە گوللە لە نێو خاک و خۆڵدا دەمانگەوزاندنەوە. یەکێک لە دیلەکانم هێنا و پێش لەوەی سەری ببڕم هاواری لە براکەی کرد: شەهاب تۆ راکە ... مەوەستە ... بچۆرەوە بۆ لای دایکم ... بچۆ! بەر لەوەی رستەکەی تەواو بکات تیغی من گەیشتبووە سەر هەناسەی. ئەو شەوەی خۆمم بیر ناچێتەوە، ئاو لە ریشم دەتکا و بە دوو چاوەوە ئاگری لێ دەهاتە دەرێ، پڕ بە شەو قیڕاندم: مەهێڵن دەرباز بن ... مەهێڵڵڵن (عەلی، ۱۳۹۱: ۲۲۸).

**دۆخی هەژاری و نەداری:**

ئەو هەژارترین کوڕی دونیاس. نازانێت لە کوێ لە دایک بووە و چی بووگە و چی دەبێت. تەنها دەزانێت نێوی سەریاسی سو بحدەمە. نێوێکی عەلاجەوی لە دونیای دلڕەقی ناوەکان. سەریاسی سو بحدەم تاکە دەستگێرێک بوو ڕۆژنامە بخوێنێتەوە. ڕۆژنامەنووسێک بۆیان قسەی لە سامانی کشتوکاڵ و بەرهەمی ئاژەڵ کرد، سەریاس باسی لە سامانی مرۆڤ و سەروەتی بێناز و فەرامۆشکراوی ئەو هەزاران مندالانەی کە لە چوار ساڵییەوە بۆ پەیداکردنی نان دەڕژێنە سەر شۆستەکان و پێویستی ڕێکخستنیانی دەکرد. ڕۆژنامەنووسەکە باسی لە جوانی شارەکان و پاکی شۆستەکان و جوانی کۆلانەکانی دەکرد و سەریاس لە جوانیی ژاکاو و لەدەسچووی خۆی و ئەو مندالانەی کە لە گوواوەکاندا خۆیان دەشۆرد. ڕۆژنامەنووسەکە باسی لە گەڕانەوەی لادێییەکان بۆ گوندەکانیان کرد و سەریاس قسەی لە گەڕانەوەی مرۆڤ کرد بۆ ژیانێکی مرۆڤانە (هەمان: ٩٥).

دۆخی نەخۆشی و کەمئەندامبوون بە هۆی چەکی کیمیاوی و جەنگییەوە:

هەزاران ژوور بوو ... هەزاران ژوور. پڕ لە گەنجی پەککەوتە و شێواو. کوڕانی بێدەست و قاچ و سەر. پڕ لە مەخلووقاتی سەیر و نەبینراو، پڕ لەو کوڕانەی پارچەپارچە بووبوون و دەستێک بە شێواوی نابوونی بە یەکەوە. پێدەچوو ژوورەکان بە پێی جۆری دەردەکان دابەش بووبن، چەندها ژووری دوور و درێژ پڕ بوون لەو گەنجانەی هەر دوو قاچیان نییە. شوێن زیندەگی ئەو کوڕانە بوو لە سەر دەست دەڕۆیشتن، وەک هەندێک تەنی دابڕاو لە زەوی لە بەتانی سەیر سەیردا هەڵواسراو بوون، لە پێخەفە هەواییەکاندا جۆلانێیان دەکرد، هەندێکیان پێدەچوو بە دارشەقەکانیاندا هەڵواسرابێتن، هەندێکیان لە ژێر قەرەوێلەکانیاندا دەخەوتن و قاپی خواردنەکانیان لەسەر زەوییەکە لە نزیک خۆیانەوە جێ هێشتبوو و لە بنەوەڕا نیگای ئەو ڕێبوارانەیان دەکرد کە بە تەک جێگاکانیاندا تێدەپەڕین. شوێنێکی دی، نیشتەجێی ئەو گەنجانە بوو کە دەستیان نییە، من یەکە یەکە بە ڕاڕەوەکاندا دەهاتم، بۆنی دونیایەکی سامناک دەهات بە سەرمدا (هەمان: ٢٥٦).

## ٣-٤- دەقیبوون

لە ئاکامی نەمانی سنوورەکانی نێوان خوێنەر، نووسەر و کەسایەتییەکان، ئەم

هەڵکەوتەیە پێکدێت کە هەر کامیان بتوانن بچنە نێو دونیای یەکترەوە و بژین و لە بڕیاری یەکدیدا کاریگەر بن، ئەم شێوەیە بە دوو جۆر دەخرێنە روو: یەکەم شێوازێکە کە لە درێژەیدا، خوێنەر، نووسەر یان بینەر دەچێتە نێو قووڵاییەکانی دەقەوە. دووهەم شێوازێکە کە کەسایەتییەکانی بەرهەمەکە لە دونیای دەقەکەدا دێنە دەر و دەچنە دونیای دەرەوەی (کسیخان ۱۳۹۰: ۱۷۷).

بە ئاوڕدانەوە لە چالاکییە سیاسییەکان و زیندانیبوونی بەختیار عەلی لە بڕگەیەک لە ژیانیدا، کارەکتەرەکانی رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا (موزەفەری سوبحدەم، یەعقووبی سنەوبەر، سەریاسە سوبحدەمەکان، محەمەد دڵشووشە، خوشکە سپییەکان، ئەستێرەی رەش و ...) هەرکام بە شێوازێک رەنگدانەوەی هەموو رەهەندەکانی کەسایەتیی بەختیار عەلی-ن. وتەکان، بڕواکان، خەونەکان، ترسەکان، دڵەڕاوکێکان، شکستەکان و خەسارەکان هەمووی رەنگدانەوەی لایەنەکانی کەسایەتیی بەختیار عەلی-ن کە خۆی لە پشتی روخساری هەر کام لەم کارەکتەرانەوە قایم کردووە تا لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا لە روانگەگەلی جۆراوجۆرەوە بکۆڵێتەوە و رەخنەیان لێ بگرێ، وا دێتە بەر چاو کە بەختیار عەلی پێی خۆش نییە لە چوارچێوەی کەسایەتییەکی نەگۆڕدا بمێنێتەوە، هەر بۆیە بەردەوام لە شوێنی ئاشکراکردنی روخسارە نوێکانە تاکوو لە چوارچێوەی ئەواندا بیر و بۆچوونەکانی خۆی بەیان بکات. ئەم روخسارانەیش لە خولگەی شوێنی خۆیان سەقامگیر نابن و بەردەوام بە گۆڕینی شوێنی خۆیان تێدەکۆشن کێشە هەنووکەییەکان لە روانگەیەکی جیاوازەوە چاوەدێری بکەن: محەمەدی دڵشووشە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ باوکی دەسەڵاتداری و لە دونیایەکی پڕ لە دژوارییەکان، دونیایەکی روون بۆ مرۆڤەکان دەخوازێت. یەعقووبی سنەوبەر بە شوێنی خەونێکی پاک لە دونیایەکی پڕ فێڵ و تەفرەدراوی سیاسەت و دوور بوون لە درۆ حیزبییەکان، لە وجوودی موزەفەری سوبحدەمدا دەگەڕێت. سەریاسەکانیش هەرکامەیان بە شێوازێک جیهانێکی بێ شەڕ و خوێنڕشتن و هاواری گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ دەروونی پاکی خود دەکەن. خوشکە سپییەکانیش بۆ دووربوون لە ناپاکییەکانی دونیا و تووشنەبوونیان پێی، بڕیار دەدەن منداڵیان نەبێت. لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا سنوورێک لە نێوان خوێنەر و کارەکتەرە سەرەکییەکانی چیرۆکەکەدا (موزەفەری سوبحدەم) نییە. ئەو بڕێک جار لە بەردەنگی داوا دەکات

کە سەرنج بدەن بە درێژەدان و کۆتایی چیرۆکەکە و گوێبیستی قسەکانی بن: دۆستانی من، ئەی ئەوانەی چەندەها شەوە بێماندوبوون گوێ لەم چیرۆکەی من دەگرن ... ئێستا تێدەگەن من لەم دەریایەدا چی دەکەم، تێدەگەن پیاوێکی ریش‌سپی و ماندووی وەک من لە سەر ئەم کەشتییە چی دەکات. دۆستان ئەو پەیمانە، ئەو پەیمانەی ئێستا لەگەڵ پەیمانێکی دیکەدا لە ژێر دواهەمین هەناری دونیادا خەوتووە، منی بەرەو ئەم دەریایە هەڵگرت کە ئێستا لەم کەشتییەوە چاوەڕوانی دۆزینەوەی ڕێگایەکم بمباتەوە سەر ئاسەواری و شوێنی دواهەمین سەریاس و چیلکێک لە ئەو دارە بە نیشانەی پەیمان لەگەڵ خۆما هێناوە. ئێوەش ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێگاتان کەوتە ئەو درەختە، پەیمانی نوێ بکەنەوە (عەلی، ١٣٩١:٢٧٤).

## ٣-٥- جووتێتی یان پێکەوەژیانی هاوسەنگ لە نێوان حەقیقەت و جادوودا

لە ڕۆمانگەلێک کە بە شێوازەی ڕیالیزمی جادوویی دەنووسرێن، دونیای ڕاستی و خەیاڵ تێکەڵی یەکدی دەبن و لە پاڵی یەکدا هەڵدەکەون و بە وتەی ئێریکسۆن: «ئەم دوو دونیایە لە دۆخێکی بەتەواوی هاوسەنگدا، شان بە شانی یەک جێ دەگرن» (ئێریکسۆن، ١٩٩٥:٤٢٨). لە سەرتاسەری ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا بەردەنگ بە باشی ئەم تایبەتمەندییە دەبینێت. بەختیار عەلی دونیای خەیاڵی محەمەدی دڵشووشە و خوشکە سپییەکانی لەگەڵ چیرۆکی ڕاستەقینەی موزەفەری سوبحدەم و سەریاسەکان بە شێوەیەکی جوان تێکەڵاو کردووە، بە جۆرێک کە برێک لەم کەسایەتییە دوانەییانە (هەم خەیاڵی و هەم ڕاستەقینە) هەر کاتێک پێویست بکات لە دونیای واقیعی بەرەو دونیای خەیاڵی و بە پێچەوانەوە دەڕۆن، بێ ئەوەی کە بەردەنگ و خوێنەر هیچ ناڕەزایەتی و حەپەسانێک پیشان بدەن. محەمەدی دڵشووشە هێندێک جار خەیاڵی دەردەکەوێت و کردەوەی جادوویی لێدەکەوێتەوە:

کەمەکەمە دەبێتە لافاوێکی مەزن، کەمەکەمە شتەکان دەکەونە سەر ئاو، هیچ کەسێک بە شەقام و شۆستەکانەوە نامێنێتەوە، خەڵکی ڕوو دەکەنە باڵاخانە بەرزەکان، لە نهۆمی بڵندی خانووە بەرزەکانەوە تەماشا دەکەن، دەچنە سەر مەنارەکان، سەر سەربانی ئۆتێلەکان، سەر گومەزە شینەکان، سەر کالیپتۆس و سنەوبەر و شاتووەکان. تەنیا محەمەدی دڵشووشە نەبێت کە بێ-باکانە ئاو دەیبات

و کووچە بە کووچە لافاو دەیهێنێت. ئەو بێ‌ئەوەی نوقم بێت، وەک بەسەر بەلەمێکی چکۆلە و نەبینراوەوە بێت، سەر ئاو دەکەوێت، چوارمەشقی لە سەر لافاوەکان دادەنیشێت و بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە سەیری دونیا دەکات. لافاو ماشێن، کەلوپەل، کورسی، کەسانی خنکاو بەم‌لاو بەولای محەممەدی دڵشووشەدا دەفڕێنێت و ئەو تەماشایان دەکات. ئاوی لافاو پڕ دەبێت لە شتە عەنتیکەکانی شار، لە تایە، لە سفتە کتێبی هەرگیز نەخوێندراوە، لە سینی و خوانی پڕ و ئامادە، لە ئامێری ماڵ، لە ژنی خنکاو بە عەبا رەشەکانیانەوە، لەو پیاوانەی مردوون و هێشتا دەستیان لە سەر پارەکانیانە تەڕ نەبێت. محەممەدی دڵشووشە لەگەڵ ئەو شتانەدا ئاو دەبیات، بەلام ئەو وەک یەکێک لە سەر بەرماڵی نوێژ دانیشتبێت لە سەر ئاوەکان دادەنیشێت و بە پێکەنینەوە تەماشای ئەوانە دەکات لەسەر سەربانەکان باڵکۆنی بازاڕە دوو نهۆمەکانەوە تەماشای دەکەن، دەست بەرز دەکاتەوە و سڵاویان لێ‌دەکات، ماچیان بۆ هەڵدەدات، شەپۆلەکان خێرا دەبەن و ئەو وەکوو یەکێک لە نمایشێکی تایبەتیدا بێت، هەڵدەستێتە سەر پێ و لە سەر ئاوەکان دەوەستێت، بەپێوە سڵاو لەوانە دەکات کە لەمبەرئەوبەری شەقامەکانەوە سڵاوی لێ‌دەکەن، هەمووان محەممەدی دڵشووشە دەبینن لەناو مردووەکاندا یاری دەکات، دەچنە سەر ئەو ئوتومبێلانەی ئاو دەیانبات و لەوێوە باز دەداتەوە ناو ئاو، دەست دەبات سێو و پرتەقاڵی راپێچی سەر لافاوەکە دەگرێتەوە و وەک یاریبازێکی سێرک یارییان پێ‌دەکات، وەک ئەوەی لە بەلەمێکی جادوویيدا دانیشتبێت (عەلی، ۱۳۹۱ :۲٤،۲۵).

هێندێک جاریش وەک مرۆڤێکی راستەقینە دەردەکەوێت کە لە شوێنێکی ریالیستی و ئاساییدا پێوەندییەکی سادە و گیانی‌بەگیانی لەگەڵ چوار دەورەکەی خۆیدا هەیە:

ئەو کاتەی محەممەدی دڵشووشە، لە رەبیبە کۆنەکاندا، لە چاڵ و نشێوی هەردەکاندا بۆ پاشماوەی گوللە تۆپ و گوللەی هاوەن و مووشەکی نەتەقیوی فڕۆکەکان دەگەڕێت، باوک و دایکی هەموو دونیای بە دوادا تەی دەکەن و نایدۆزنەوە، هەموو رۆژێک پێشمەرگە و پاسەوانەکانی سلێمانی مەزن بە خۆیان و تویۆتا پان و جێبە چکۆلەکانیانەوە سەرمەرزەکان دەگەڕێن و جاڕ بۆ کوڕێکی منداڵکار دەدەن کە دەترسن لە کەندێک یان لاڕێگایەکدا مردبێت. رۆژێک محەممەدی دڵشووشە لەگەڵ منداڵە کوێرەکەی دۆستیدا لە کێڵگەیەکدا و لە هەتاوی

فێنکی بەهاردا قەوانی گوللەیەکی بێئەندازە گەورە بۆ قەراخی جادەیەکی خۆڵ دەگوێزنەوە، لەو کاتەدا جیبێکی ئەمریکی خۆڵەمێشی لەو شەقامەوە تێدەپەڕێ و یەکێک لە پەنجەرەکەوە هاوار دەکات: ئەوە محەمەدی دڵشووشەیە ... ئەوەتا ئەوە خۆیەتی ... خۆیەتی (هەمان: ١١٦).

کەسایەتی خوشکە سپییەکانیش هەر وایە، بڕێک جار وەکوو بوونەوەرێکی خەیاڵی و عەلاجەوییان لێدێت کە ژیانیان هاوشێوەی هیچ کام لە کچە ئاساییەکان نییە:

لاولاوی سپی لە تەمەنێکی زووەوە سوێندێکی ئەبەدییان بۆ یەکدی خواردبوو هەتا مردن کەسیان شوو نەکەن، قژیان نەبڕن، کەسیشیان بێ ئەوی تر گۆرانی نەڵێت و لە کراسی سپییش بەو لاوە ڕەنگێکی تر نەپۆشن. ئەو ڕێکەوتنە دەگەڕایەوە بۆ چوار ساڵ بەر لەو ئێوارەیەی تۆفانەکان محەمەدی دڵشووشەیان هێنا ... ئەو کاتانەی لە ماڵی ئەو دوو خوشکەدا جەنگی گۆرانییەکان هەڵگیرسا، ئەو دەم ئەو دوو خوشکە تەمەنیان چواردە و پازدەساڵان بوو، هەردووکیان لە ژێرەوە منداڵانە عاشق بوون، شەو و ڕۆژ لەبەر خۆیانەوە گۆرانییان دەگووت ... هەر کامەیان گۆرانییەکیان دەگووت کە لە یەکدی نەدەچوو. جەنگی گۆرانییەکان ماوەیەکی درێژی خایاند. هەندێ شەو تا گەروویان خوێنی لێدەهات لە رقی یەک گۆرانییان دەگووت. ئەوەی شتەکانی بە ئاقارێکی ترسناکدا برد، ئەو بڕوا سەیرە بوو کە سەروکاری جادوویەک لە پشت ڕەفتاری ئەو دوو خوشکەوە، سیمایان لە سیمای کچانی تر نەدەچوو، کە بە هەر شتێک نیگایان بکردبا، تەلیسمیان دەکرد. چاویان گەورەتر لە چاوی ئاسایی دەینواند کە تماشات دەکردن، هەستت دەکرد جگە لە دەسەڵاتی نیگایان هیچی تر نابینێت. گەر بیانویستایە پریان دەکرد لە ساردی و کەمتەرخەمی. جلە سپییەکانیان لەگەڵ ئەو قژە کێوییە درێژەیان کە بە جۆرێکی نائاسایی خیرا درێژ دەبوو، نیگای سیحربازێکی پێبەخشیبوون (هەمان: ٣٨٣).

هێندێک جاریش وەکوو مرۆڤێکی ئاساییان لێ دێت کە هەموو کردەوە و هەڵسوکەوتەکانیان سروشتی دەنوێنێ:

لە دوای مردنی سەریاسی سوبحدەم و پەرش و بڵاوبوونەوەی لەشکری عەرەبانەکان، خوشکە سپییەکان جۆرێک لە گۆشەگیریی قووڵ دەژین. دوای تەواوکردنیان بۆ خانەی مامۆستایان، ئیکرامی کێو یارمەتیان دەدا لە گوندێکی دوور ببن بە مامۆستا،

هەر دووکیان خانووە بچکۆلانەکەی شار بەجێ دەهێڵن و بەرەو گوندێکی باکووری شار دەڕۆن. خەڵکی ئەو گوندە هەرگیز وەک دوو مامۆستا سەیریان نەدەکردن، بەڵکو وەک دوو فریشتە کە خودا لە شوێنێکی دوورەوە ناردبێتنی بۆ ئەو گوندە، پەیوەندییەکی سەیر و پڕ لە ئارامییان لەگەڵ گوندنشینەکاندا هەبوو (هەمان: ۱۱۸).

## ۳-٦- واتای سەرەکی گرینگ و قووڵ

هەروەها کە باسمان کرد بەرهەمی ریالیزمی جادوویی بە پێچەوانەی ژانر تا رادەیەک وەکوو خۆی (فانتزی) بابەتەکان بەیان دەکات کە لە بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگییەوە قووڵ و جدییە. ئەم بابەتانە بە هۆی ئەوەی کە کاریگەرییەکی گرینگی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگای کەسەکاندا هەیە دەبێتە چەشنێک لە کەڵکەڵە زەینییەکانیان و نووسەری ریالیزمی جادوویی بە زیادکردنی تامی خەیاڵ، ئەم بابەت و کێشانە لە ناوەرۆکی چیرۆکەکەدا رەنگ دەداتەوە. لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی‌دا، تووندوتیژیگەلی سیاسی، دیکتاتۆری و بە شوێنکەوتوویی ئەم دوانە، شەڕ، دیلبوون، کوشت و کوشتار، تۆقاندن و دڵەڕاوکێ، هەژاری و نەداری، ئاوارەیی و بێ‌دەرەتانیی خەڵک، هەتیوبوونی منداڵان، بێوەژنبوونی ژنان، کەمئەندامی و نەخۆشیگەلی سەرچاوەگرتوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ... بابەتگەلێکن کە نیشاندەری کەڵکەڵە زەینییەکانی بەختیار عەلی وەکوو تاکێک لە خەڵکی جیهانی سێهەمە کە گیرۆدەی شەڕ بووگە. دەلاقەیەک کە بەختیار عەلی لەم رۆمانەیدا بەرەو گۆشەیەک لە دونیای کردۆتەوە، زۆر جوان نییە و بەرجەوەندگەلێکی ناخۆشی بۆ خوێنەر کێشاوە، چونکە هەر شتێک کە هەیە پشێوی و ئاڵۆزی و رووداوگەلێکی ناخۆشن کە کوردستانی عێراق لەگەڵیاندا بەرەوڕوو دەبێتەوە. لە چۆنیەتی دەسپێکی رۆمانەکە، نووسەر خۆی دەخوازێت خوێنەر لە سەرەتادا هەست بە دۆخی ئاڵۆزبوون و سەرگەردانی بکات: «لە کوشکێکدا، لە ناو جەنگەڵ و دارستانێکی نادیاردا، ئەو پێی گووتم لە دەرەوە دەردێکی کوشندە وەک تاعوون بڵاو بووەتەوە، کە درۆی دەکرد باڵندەکان هەموو دەفڕین. لە منداڵییەوە وابوو، هەر کاتێک درۆی بکردایە، شتێکی سروشتی رووی دەدا، یان باران دەباری یان دەرختەکان دەکەوتن!... لە نێو کۆشکێکی گەورەدا دیل بوو» (هەمان: ۱۵).

## ٣-٧- کەمێتی و ئەوێتی

یەکێک لە جیاوازییەکانی شێوازی ریالیزمی جادوویی لەگەڵ نووسینە فانتزییەکاندا ئەوەیە کە ڕووداوە خەیاڵییەکان بە شێوەی کاتی و زۆر کەم ڕوو دەدات، لە حاڵێکدا لە نووسینە فانتزییەکاندا ئەم ڕووداوانە و دیمەنە جادووییەکان هەمیشەیی و ناکۆتان و بەردەوام لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە و ڕۆمانەکەدا دووپاتە دەبنەوە. لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا دیمەنە جادووییەکان و دیاردەگەلی سەرسوڕهێنەر لە کاتێکدا دەردەکەون و نە تەنیا زوو لەناو دەچن، بەڵکوو هیچ کاتێکیش دووبارە نابنەوە؛ بۆ نموونە کاتێک محەمەدی دڵشووشە لە سەر لافاوەکە چوارمشقی دەدات، یەک جار ڕوودەدات و بێجگە لە شێوازی مردنی محەمەدی دڵشووشە ئیدی وەکوو ئەم دیمەنە سەرسووڕهێنەرە دووبارە نابێتەوە:

کەمەکەمە دەبێتە لافاوێکی مەزن، کەمەکەمە شتەکان دەکەونە سەر ئاو، هیچ کەسێک بە شەقام و شوستەکانەوە نامێنێتەوە، خەڵکی ڕوو دەکەنە باڵاخانە بەرزەکان، لە نهۆمی بڵندی خانووە بەرزەکانەوە تەماشادەکەن، دەچنە سەر مەنارەکان، سەر سەربانی ئۆتیلەکان، سەر گومەزە شینەکان، سەر کالیبتۆس و سنەوبەر و شاتووەکان. تەنیا محەمەدی دڵشووشە نەبێت کە بێباکانە ئاو دەیبات و کوچە بە کوچە لافاو دەیهێنێت. ئەو بێ ئەوەی نوقم بێت، وەک بە سەر بەلەمێکی چکۆلە و نەبینراوەوە بێت، سەر ئاو دەکەوێت، چوارمەشقی لەسەر لافاوەکان دادەنیشێت و بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە سەیری دونیا دەکات. لافاو ماشێن، کەلوپەل، کورسی، کەسانی خنکاو بەملاو بەولای محەمەدی دڵشووشەدا دەفڕێنێت و ئەو تەماشایان دەکات. ئاوی لافاو پڕدەبێت لە شتە عەنتیکەکانی شار، لەتایە، لە سفتە کتێبی هەرگیز نەخوێندراوە، لە سینی و خوانی پڕ و ئامادە، لە ئامێری ماڵ، لە ژنی خنکاو بە عەبا ڕەشەکانیانەوە، لەو پیاوانەی مردوون و هێشتا دەستیان لە سەر پارەکانیانە تەڕنەبێت. محەمەدی دڵشووشە لەگەڵ ئەو شتانەدا ئاو دەیبات، بەڵام ئەو وەک یەکێک لە سەر بەرماڵی نوێژ دانیشتبێت، لە سەر ئاوەکان دادەنیشێت و بە پێکەنینەوە تەماشای ئەوانە دەکات لەسەر سەربانەکان باڵکۆنی بازاڕە دوو نهۆمەکانەوە تەماشای دەکەن، دەست بەرز دەکاتەوە و سڵاویان لێدەکات، ماچیان بۆ هەڵدەدات، شەپۆلەکان خێرا دەیبەن و ئەو وەکوو یەکێک لە نمایشێکی تایبەتیدا بێت، هەڵدەستێتە سەر پێ و لە سەر ئاوەکان دەوەستێت، بەپێوە سڵاو لەوانە دەکات

کە لەمبەرەوبەری شەقامەکانەوە سڵاوی لێدەکەن، هەمووان محەمەدی دڵشووشە دەبینن لەناو مردووەکاندا یاری دەکات، دەچنە سەر ئەو ئۆتومبیلانەی ئاو دەیانبات و لەوێوە بازدەداتەوە ناو ئاو، دەست دەبات سێو و پرتەقاڵی راپێچی سەر لافاوەکە دەگرێتەوە و وەک یاریبازێکی سێرک یاریان پێدەکات، وەک ئەوەی لە بەلەمێکی جادوویيدا دانیشتبێت (هەمان: ٢٥،٢٤).

**یان کاتی ئاگرگرتنی یەکێک لە منداڵەکان کە لە نەخۆشخانەدا:**

ئاویان پیا دەکرد هەر نەدەکوژایەوە، دەیانخستە حەوزەوە کە هەر دەهاتەدەرێ هەر وەک خۆی بوو، کە بە قاوشەکاندا دەسووڕایەوە، هەموو دەترساین پەردە و چەرچەف و جلەکانمان بیگرێت، خۆی لەسەر قەرەوێڵکەیەکی ئاسن دەخەوت، هیچی نەدەدا بە خۆیدا، لە خەویشدا هەر دەسووتا، رۆژێک بە تەلەفزیۆن رەسمیان گرت و بردیان و دوایی هاتەوە، مەلاکان پێیان دەگووت جەهەنەمییە بۆیە دەسووتێت، ئەوە موعجیزەی خودایە تا جەهەنم ببینین. شەوێک لە دەست پاسەوانەکان رایکرد و ون بوو، کەس نازانێت لە کوێیە، پێیان دەگووت گوڵی ئاگر (هەمان: ٢٦٨).

**٣-٨- ماتبوون و بێدەنگی نووسەر**

یەکێکیتر لە خاڵەکانی نووسینی ریالیزمی جادوویی بێدەنگی و ماتبوونی نووسەر و بەیاننەکردنی هەست، کاردانەوە یان لاگیریی ئەوە لە هەمبەر رووداوە ناواقیعییەکان؛ بە جۆریکی تر نووسەر، رووداو و توخمگەلی ئەوبەرهەست و ناواقیعی لە ریالیزمی جادوویيدا پیشان نادات تا خوێنەر بۆی دەربکەوێت کە شیاو و ناشیاو، دوو جەمسەری دژبەر و ناکۆکن کە لە دژی یەکدیدا شۆڕش ناکەن و نکۆڵی لە یەکدی ناکەن؛ چونکە ژوورەسروشتی لە نۆرم و بەهاکانی کەسایەتییەکاندا و گێڕەوە لە جیهانی چیرۆک و رۆمانەکەدا گەیشتووەتە کامڵ بوون. بە وتەی فاریس، یەکێک لە بیردۆزەکان لەم بوارەدا: «لە تێکستی ریالیزمی جادوویيدا، رووداوە ئەوپەڕهەستەکان، بابەتگەلێکی پێوەر و ئاراستەکەر نین، بەڵکوو بابەتگەلێکی ئاسایین و وەکوو رووداوگەلێک کە لە ژیانی رۆژانەدا روودەدات، قەبووڵ کراون و لەگەڵ عەقلانییەت و ماکەی ریالیزمی ئەدەبیدا گرێدراون و لە

نێوان یەکدیدا تەنراون» (فاریس، ۳:۱۹۹۵). لەم رووەوە بوونی یەک گێڕەوەی بێمەبەست و بێلایەن کە کەشێکی لەبار لە هەموو چیرۆکەکەدا پەرە پێبدات، یەکێ لە تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی ریالیزمی جادووییە کە بەختیار عەلی بە باشترین شێوە ئەم ئەرکەی بە جێ هێناوە. دەبێت بزانین کە لەم شێوازەدا، چۆنیەتی دەربڕینی دەنگی گێڕەوە رۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. نووسەری پرۆفیشناڵ دەتوانێت بە یارمەتیی چۆنیەتی دەربڕینی دەنگ، هەموو دیاردەکانی نادیار و بڕوا تاکەکەسییەکانی خۆی لە روانگەی خوێنەرەوە، راستەقینە پیشان بدات. بەم شێوەیە، نووسەر لە بەیانکردنی بەڵگەکان و پاژگەلێک کە لە بەرهەمی ریالیستیدا بوونیان گرینگە، پارێز دەکا. گابریل گارسیا مارکێز بڕوای وایە کە ماکەی لەحن گرینگترین ماکەی ریالیزمی جادووییە (پارسی نژاد، ۲۷۰:۱۳۸۷).

هەروەها نووسەر، بوونی کارەکتەرگەلێکی ناسروشتی وەکوو محەممەدی دڵشووشە، خوشکە سپییەکان و تەنانەت ئەستێرەی رەشیش لە نێو رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا ئاسایی و سروشتی دەنوێنێ و بە شوێنی پاساوهێنانەوە و شرۆڤەی زانستیانە و لۆژیکی رووداوە نائاساییەکاندا نییە. کاتێک محەممەدی دڵشووشە لە سەر ئاوەکە چوار ئەژنۆ دادەنیشێت و یان رادەوەستێت و ئەو کاتەی کە بە خاتری شکستی عەشقی لە ماڵە شووشەییەکەیدا بەو شێوەیە دەمرێت، بەختیار عەلی هەستی خۆی دەشارێتەوە؛ یان کاتێک باس لە دۆخی ئەو نەخۆشخانانەیەی دەکات کە منداڵە بریندار و کیمیاوییەکانی تێدایە، راست یان درۆی ئەم کارەساتە پشتڕاست ناکاتەوە و بە بێدەنگی بڕیاری کۆتایی بۆ خوێنەر دادەنێت:

هەزاران ژوور بوو ... هەزاران ژوور. پڕ لە گەنجی پەککەوتە و شێواو. کوڕانی بێ دەست و قاچ و سەر. پڕ لە مەخلووقاتی سەیر و نەبینراو، پڕ لەو کوڕانەی پارچەپارچە بووبوون و دەستێک بە شێواوی نابوونی بە یەکەوە. پێدەچوو ژوورەکان بە پێی جۆری دەردەکان دابەش بووبن، چەندەها ژووری دوور و درێژ پڕ بوون لەو گەنجانەی هەر دوو قاچیان نییە. شوێن زیندەگی ئەو کوڕانە بوو لە سەر دەست دەڕۆیشتن، وەک هەندێک تەنی دابڕاو لە زەوی لە بەتانی سەیر سەیردا هەڵواسراو بوون، لە پێخەفە هەواییەکاندا جوڵانییان دەکرد، هەندێکیان پێدەچوو بە دارشەقەکانیاندا هەڵواسرابێتن، هەندێکیان لە ژێر قەرەوێڵەکانیاندا دەخەوتن و قاپی خواردنەکانیان لەسەر زەوییەکە لە نزیک خۆیانەوە جێ هێشتبوو و لە بنەوەڕا

نیگای ئـەو ڕێبوارانەیـان دەکرد کە بـە تەک جێگاکانیانـدا تێدەپەڕین. شـوێنێکی دی، نیشـتەجێی ئـەو گەنجانـە بوو کە دەسـتیان نییە، مـن یەکە یەکە بـە ڕاڕەوەکاندا دەهاتم، بۆنی دونیایەکـی سـاماناک دەهـات بـە سـەرمدا (عـەلی ۲۵٦:۱۳۹۱).

ئـەم دۆخ و شـوێنە خەمناکـەی کـە نووسـەر لـە بارەیـەوە بـاس دەکات، هەمـوو کاتێـک لایەنـەکانی شـەڕ ڕەدیـان کردۆتـەوە. بەختیـار عـەلی بـە بێدەنگیـی واتـاداری خـۆی، بڕیـار لـەم بارەیـەوە بـۆ خوێنـەرەکانی جێ دەهێڵێت و هەسـت و بـڕوای خۆی لـە هـەر چەشـنێک بێـت، نایدرکێنێت. یـان کاتێـک ڕوو دەکاتـە دواهەمـین هەنـاری دونیـا، خوێنـەر بـە هیـچ شـێوەیەک گومـان و دوودڵی بە نسبەتی ئەم بابەتەوە هەسـت پـێ نـاکات و هەرگیـز بـە دوای پاسـاوی زانسـتی و لۆژیکـی ئـەم دیاردەیـەوە نییـە:

لـە سـەرەوەڕا جوانتریـن بەرجـەوەن و شـتێک بـوو کـە تـا ئـەو کاتـەی لـە ژیانیانـدا دیبوویـان. دونیـا هێنـدە سـاف و سـپی و فێنـک بـوو، خـۆر هێندەگـەرم، دڵنـەواز و خوێنبزوێـن بـوو، وەک ئـەوە بوو منداڵان لە ئەسـتێرەیەکەوە بۆ سـەر ئەسـتێرەیەکی تر فڕیـبن. دونیـای خەمگیـنی ژێـر هەور چی لەو دونیا سـەیر و بەرین و زیوینەی سـەر ئەو لووتکەیـە نەدەچـوو کـە گۆڕەپانێکی گەورەی ڕووناکی بوو. شـوێنێک بـوو پێدەچوو بـەردەکانی بـە حوکمی هاوسـێیەتییەکی ئـەزەلی لەگـەڵ هـەور و ئاسـمان و هەتـاودا نـەرم بووبێتنـەوە. پێدەچـوو ئـەو زەوییـە خـودا بۆ فریشـتەکانی دروسـت کردبێـت تا لە سـەفەری نێـوان زەوی و ئاسمانـدا بـۆ وچان بەکار بهێنـن. ئـەو دارە، دواهەمین هەناری دونیـا بـوو. پێدەچـوو زەوی لەوێـدا کۆتایـی بێـت و مەلەکـووت دەسـت پێبکات. دەڵێـی کـە مرۆڤ هەسـتی بـە ناکۆتا و هەمیشـەییبوون دەکـرد. وێدەچوو ئـەم هەنارە مـەودای نێـوان زەوی و ئاسمان بێت. سـەریاس دەیگووت: «خوای گەورە سـەیر کەن، بـێ و نەبێ ئـەوە دواهەمـین هەنـاری دونیایـە، هیـچ هەنارێکـی تر نییـە ئاوەها بـەرز لە شـوێنێکی ئاوەهـا دووردا، لـە کۆتایـی دونیـادا ڕوابێت». ئێسـتا لەژێر ئەم دارەیـدا، دونیا بـە کۆتایـی دەگات، ئاسـودەییەکی قووڵـی بـە کـوڕەکان دابـوو، ئاسـودەییەک کـە لەسـەر زەوی پەیـدا نەدەبـوو (هەمـان: ۱۱۱،۱۱۰).

### ۳-۹- تەشەرهاوی و تەوس لێدان

لـەم بەشـەدا، نووسـەری شـێوازی ڕیالیزمـی جادوویـی ڕوانگەیەکـی تەشـەرهاوی و ڕەخنەگرانـەی لـە جیهانبینیـی جادوویـی لـە هەمبـەر واقیعخوازیـدا هەیـە، بـەڵام بـە

شێوەیەک لە نێوان ئەم تێڕوانینە مەودایەکی واتادار دادەنێت تاکوو خوێنەر وا نەزانێت کە ئەم ڕوانینە لە جیهانبینیی نووسەرەوە هاتووە. لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا بەختیار عەلی کاتێک لە حیزبە سیاسییەکان باس دەکات، ئەم ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و تەشەر لێدانە دەبیندرێت، بەڵام بە خاتری ئەوەی کە بەردەنگ ڕاستەوخۆ بەرەوڕووی خۆی نەکات، ئەمە لە زمانی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە باس دەکات: «هەموومان ریشمان درێژ بوو و هەموو گیانمان بۆنی ئارەقی لێدەهات، مەسئوولەکەمان هەمان ئەو کوڕە بوو کە بێئافرەت و خواردنەوە و ئەو شتانە نەدەژیا» (هەمان: ٢٢٢).
«-من میز دەکەم بە حیزبدا ... میز!
بە چاوێکی پڕفرمێسکەوە بە هەموو پێشمەرگەکانم گووت:
- حیزب دەیەوێت هەموومان لێرەدا وەکوو سەگ بتۆپێین ... ئێمە چون ئەسیرەکانمان سەر بڕی، ئەمانیش دەیانەوێت ئێمە سەر ببڕن» (هەمان ٢٢٩).

### ٣-١٠- پێشکەشکردنی بابەتەکان بە پێی ڕاستی

لە شێوەی ریالیزمی جادوویدا، نووسەر تێدەکۆشێت ڕووداوە نائاسایی و عەجایبەکان بە شێوازێک کە ئەساسەکەی حەقیقەت بێت، وەسف بکات و لە گومان و دوودڵی خۆی بپارێزێت و هەرگیز نایەوێت ئەم چەشنە ڕووداوانە ڕوون بکاتەوە و شێوازی گوتنی نووسەر لە کاتی بەرەوڕووبوونەوەی ئەم دیاردانەدا بەتەواوی سروشتی و ئاساییە و بە جۆرێکە کە دەڵێی هەموو شتێک بە پێی حەقیقەت و ڕاستییە و شوێنێک لە گومانی نووسەر بوونی نییە و هەموو شتێک لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدایە. بەختیار عەلی-ش لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا کاتێک لە ڕووداوگەلی نائاسایی و بڕوا جادووییەکان باس دەکات، هەوڵ دەدات کە ئاسایی پیشانیان بدات: «ئەو شەوە نەدیمی شازادەش بە خۆی و هاوڕێکانییەوە، لە شەوێکدا حەقیقەت تا دوا ئەندازە خەیاڵی کوشتووە، تکایان لێدەکات یارمەتیی بدەن تا بگاتە ژێر درەختێکی هەنار لە سەر ترۆپکی چیایەکی نزیک، هەنارێک دەبێت تا لە ژێریدا بخەوێت و چاوانی چاک بێتەوە» (هەمان: ١٠٦).
«هەمیشە بەر لە ڕوودانی بوومەلەرزەکان بە چەند دەقیقەیەک خوشکە سپییەکان لە ماڵ دەهاتنە دەرێ، وەک ئەوەی ئەوان کاتی بوومەلەرزەکان بزانن، وەک

ئەوەی سەعاتێکی سیحراوی لە ناویاندا بێت، یان ئەهریمەنێک بە چرپە کاتی بوومەلەرزەکانیان لا بەیان بکات» (هەمان: ۷۸).

«لە هەموو شتێک گرنگتر من دڵم لە شووشەیە، لە شووشەیەکی زۆر ناسک، بچووکترین دڵشکان دەمکوژێت ... من کەسێکم لە شووشە، کە شکام ورد دەبم، کە وردیش بووم پارچە بە جێ دەهێڵم، دەبم بە مردوویەکی بەد، من کە مردم بە جۆرێک پەراشپەراش دەبم کەس ناتوانێت تێبگات کە پارچە ورد و تەنک و خۆڵئاساکانی منە ژیانی تێک داوە ... لە بەر ئەوە دڵم مەشکێنن» (هەمان: ۲۷).

## ٤- دەرئەنجام

بەختیار عەلی لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا، رۆمانێک کە ئەساسەکەی لە سەر شێوەی ریالیزمی جادوویی مارکێز نووسیوە، هاوسەفەری خوێنەرەکانی لە سەفەرێکی مەترسیداردا دەبێت. سەفەر رەنگدانەوەی فەرهەنگ و دەردەکانی کۆمەڵگای جیهانی سێهەمە. ئەو بە جۆرێک دونیایەکی جوان لە نێوان شەڕەکاندا وینا دەکات، دار هەنارێکی جوان سەوز دەکات کە هەمووان دەتوانن لە ژێر سێبەرەکەیدا دانیشن و پەیمانی برادەری و هاوڕێیەتی ببەستن. ئەو، خوێنەر لە چوارچێوەی ریالیزمی جادوویی لە دونیایەکی بەراوەژوودا بەرەو دونیایەکی خەیاڵی، بەڵکوو ئارمانی و ئایدیال دەبات و ناچاری دەکات تا بەو شتانەی کە رووی داوە یان رووی نەداوە زۆرتر بیری تیا بکاتەوە.

بەختیار عەلی لە رۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا توانیویەتی بە باشی لە پێوەرەکانی شێوازی ریالیزمی جادوویی لە بەیانکردنی چەمکە قووڵ و ورد و درێژەکانی کەڵک وەربگرێت و ئەم پێوەرانە هاوتا لەگەڵ دەڤەر، فەرهەنگ و داب و نەریتی رۆژهەڵاتیدا لە بەشگەلێک لە رۆمانەکەدا جێ بخات. لە دیربەدیڕی ئەم بەرهەمەدا خەمباری و نامۆبوونی کارەکتەرەکان لە بەرچاون کە رۆحێکی هەستیار و ناسکی لە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەدا سەرگەردانە و دەرد و ئاوارەبوونی خۆی لەگەڵ دەرد و رەنجی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیدا لە دۆخێکی نائاشنادا تێکەڵ دەکات.

## سەرچاوەکان


۱. پارسی‌نژاد، کامران (۱۳۸۷). *نقد ادبیات منطبق با حقیقت*. تهران: خانه کتاب.

۲. حق روستا، مریم (۱۳۸۵). «تفاوت میان رئالیسم جادویی و رئالیسم شگفت‌انگیز و زاویه دید در آن‌ها با بررسی آثار گابریل گارسیا مارکز و آلخو کارپینتر». *مجله پژوهش زبان‌های خارجی*، شماره ۳۰.

۳. شوشتری، منصوره (۱۳۹۱). «رئالیسم جادویی، واقعیت خیال‌انگیز». *فصلنامه هنر*، تهران، شمارهٔ ۷۵، صص ٤٤-۳۲.

٤. شیری، قهرمان (۱۳۸۷). *مکتب‌های داستان‌نویسی در ایران*. تهران: چشمه.

۵. علی، بختیار (۱۳۹۱). *آخرین انار دنیا*. ترجمهٔ آرش سنجابی. تهران: افراز، چاپ چهارم.

٦. کسیخان، حمیدرضا (۱۳۹۰). «بررسی تطبیقی مؤلفه‌های رئالیسم جادویی در طبل حلبی از گونتر گراس و یک صدسال تنهایی از گابریل گارسیا مارکز». *دوفصلنامه دانشگاه الزهرا*، سال دوم، شمارهٔ ٤، صص ۱۲٤-۱۰۵.

۷. گیبرت، ریتا (۱۳۵٦). *هفت صدا*. ترجمه نازی عظیما. تهران: آگاه.

۸. مارکز، گابریل گارسیا (۱۳۸٤). *زنده‌ام که روایت کنم*. ترجمه کاوه میر عباسی. تهران: نشر نی، چاپ چهارم.

۹. میرصادقی، جمال و میمنت میرصادقی (۱۳۸۸). *واژه‌نامه هنر داستان‌نویسی*. تهران: مهناز، چاپ دوم.

۱۰. نیکوبخت، ناصر و مریم رامین‌نیا (۱۳۸٤). «بررسی رئالیسم جادویی و تحلیل رمان اهل غرق». *مجله پژوهش‌های ادبی*، شماره ۸، صص ۱۵٤-۱۳۹.

11. Faris, W. B. (1995). "Scheherazade's Children: Magical Realism and Postmodern Fiction" In L. P. Zamora, & W. B. Faris (Eds.), Magical Realism: Theory, History, Community, (pp. 163-191). Durham, USA: Duke University Press.

12. Erickson, J. (1995). "Metoikoi and Magical realism in the Maghrebian Narratives of Tahar ben Jelloun and Abdelkebirkhatibi" In L. P. Zamora, & W. B. Faris(Eds.), Magical Realism: Theory, History, Community (pp. 427-450). Durham, USA: Duke University Press.